IJOKS ISSN: 2149-2751 e-ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies
http://www.ijoks.com/

Article

**International Journal of Kurdish Studies**
5 (2), pp. 422 – 434
http://www.ijoks.com

# The Socio-Economic Situation of Jews in the Erbil governorate (liwa) Jews under the Ottoman Empire (1534 - 1918)

***Fahir A. MIRHAN***[1]

**Received**: Apr 14, 2019 **Reviewed**: May 25, 2019 **Accepted**: June 24, 2019

## Abstract

Judaism as a religion and organizing institution for Jews often did not survive as a proper religious structure in the areas it originally existed in. Thus, due to various demographic and political circumstances, Jews have migrated to several regions and are now dispersed throughout the world. Following this dispersion, Jews raised their profile and have taken every measure to take their rights and powers back. Jewish history is particularly valuable in every corner of the globe. In this respect, the Erbil governorate alongside with its reputation reflects the significance of Jewish history.

The Erbil historical standing and its role – playing and eminence in historical events is an outstanding name. In this regard, the Jewish family lived in Erbil governorate, gave a special socio – economic aspect to the city. This is the main reason for choosing the above title. Despite the fact that the availability of a few number of resources in this sense was one of the big challenges to the researcher to conduct the study, after a considerable deal of searching for the resources, the study was completed thoroughly and academically.

Furthermore, the study consists of an introduction, three sections and some conclusions. The first section sheds lights on a summary of Judaism and the beginning of their coming to Erbil. The second and third sections substantiated by some specific resources deal with Erbil history and all other topics relevant to Jewish socio-economic statuses in Erbil. As a consequence, certain clear and particular findings regarding Jewish history in Erbil were achieved.

**Keywords:** Erbil, Jew, Economy, Societal, Ottoman Empire

[1] PhD Candidate, Sakarya University, Institute of Social Sciences, Department of History,
Academic Staff at Soran University, KRG, Iraq. Fa.mirhan@yahoo.com. ORCID No : 0000-0001-9315-2713

**Recommended citation:**
Mirhan, F. A. (2019). The Socio-Economic Situation of Jews in the Erbil governorate (liwa) Jews under the Ottoman Empire (1534 - 1918). *International Journal of Kurdish Studies* 5 (2), 422 – 434
**DOI: 10.21600/ ijoks.553505**

## بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی جووەکانی لیوای ئەربیل، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

## (1918 – 1534)

فاخر عالی عبابكر میرخان

قوتابی دکتورا لە زانکۆی سەکاریا ـ تورکیا / مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سۆران

**پوختە:**

ئاینی جووەکان وەك ئاینێکی ئاسمانی و جووەکانیش وەك هەڵگر و شوێنکەوتەی ڕێبازی ئاینەکەیان، تەنها وەك پێکهاتەیەکی ژیاری ناوچەکەی خۆیان نەماونەتەوە، بە هۆی ئەو هەلومەرج و گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە بەسەر ناوچەکەیاندا هاتووە، جووەکانی بەسەر چەندین هەرێم و ناوچەی وڵاتان دابەش و پەڕاگەندەی تەواوی جیهانی کردوون، دوای ئەم پەڕاگەندە بوونەیان، جووەکان کەوتونەتە خۆ و هەموو ڕێ و شوێنێکیان بۆ گەڕاندنەوەی ماف و دەسەڵاتەکەیان گرتۆتەبەر، بۆ ئەو مەبەستەش دەستیان بۆ هەموو شتێك بردووە، هەموو هۆکارێکیشیان بۆ سەرخستنی ئامانجەکەیان بەکار هێناوە. بۆیە میژووی جووەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ویلایەت و لیوای ئەربیلیش هاوشانی ناوداربوونی گرنگی مێژووی جووەکانی تێدا دەرکەوتووە.

پێگەی مێژووی شاری ئەربیل و دەرکەوتنی ڕۆڵ و ناوبانگی لە ڕووداوە مێژووییەکاندا ناوێکی دیار و مەزنە، لە پاڵ ئەوەشدا هەبوونی ئەو خێزانە جووانەی کە لە لیوای ئەربیلدا ژیاون سیماو تایبەتمەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شارەکە بەخشیوە، ئەمەش لە سەرەکیترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بوون. هەرچەندە کەمی سەرچاوەی تایبەت یەکێکبووە لەو گرفتانەی کە لەبەردەم ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا هەبووە، بەڵام دوای بە دواداچوون و گەڕانێکی زۆر، توێژینەوەکە بە شێوەیەکی تۆکمە و زانستی تەواوکرا. هەروەها پێکهاتەی توێژینەوەکە، لە پێشەکی و سێ تەوەر و چەند دەرئەنجامێك پێکهاتووە، تەوەری یەکەم، بە کورتەیەکی مێژووی باس لە ئاینی جووەکان و سەرەتای هاتنیان بۆ ئەربیل کراوە، لە تەوەری دووەم و سێیەمیشدا پاڵپشت بە سەرچاوەی تایبەت بە مێژووی ئەربیل، هەموو ئەو بابەتانە ڕوونکراونەتەوە کە پەیوەندیان بە لایەنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی جووەکانی ئەربیلەوە هەبووە، لەو ڕوانگەیەشەوە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو و تایبەت بە مێژووی جووەکانی ئەربیل بە دەستهاتوون.

**کلیلی وشەکان:** (ئەربیل، جوو، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەوڵەتی عوسمانی)

**پێشەكی:**

ئاینی جووەكان وەك ئاینێكی ئاسمانی و جووەكانیش وەك هەڵگر و شوێنكەوتەی ڕێبازی ئاینەكەیان، تەنها وەك پێكهاتەیەكی ژیاری ناوچەكەی خۆیان نەماونەتەوە، ئەو هەلومەرج و گۆڕانكارییە سیاسیانەی كە بەسەر ناوچەكەیاندا هاتووە، جووەكان پەرەگەندەی تەواوی جیهان بوونە، دوای ئەم پەراگەندە بوونە، لە پێناو گەڕاندنەوەی ماف و دەسەڵاتەكەیان هەموو ڕێ و شوێنێكیان گرتوتەبەر، بۆ ئەو مەبەستەش دەستیان بۆ هەموو شتێك بردووە و هەموو هۆكارێكیشیان بۆ سەرخستنی ئامانجەكەیان بەكار هێناوە. هەرچۆنێ بێت ژمارەیەكی زۆری ئەو جووانەی كە لە هەرێمی میزۆپۆتامیادا ژیاون، دوای هاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەكان چوونەتە ژێر كۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانی و لە چوارچێوەی دەوڵەت و پێكەوە ژیانی ئاینی و كۆمەڵایەتیدا ژیاون.

**هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە** بۆ پێگەی مێژووی شاری ئەربیل دەگەڕێتەوە، قەڵا و شاری ئەربیل وەك شارێكی ئاوەدانی كۆنی مێژوویی و لیوایەكی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، ژمارەیەك لەو جووانەی لە خۆگرتووە كە هێنراونەتە هەرێمی میزۆپۆتامیا. بۆ زانینی مێژووی هاتنی جووەكانی ئەربیل و لێكۆڵینەوە لە بارودۆخی ئابووری و چۆنیەتی ژیان و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی جووەكان، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراوە.

**گیروگرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە،** كەمی سەرچاوەی تایبەت بووە بە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و باری ئابووری لیوای ئەربیل بە گشتی و پێكهاتەی كەمە ئاینی جووەكان بە تایبەتی، هەر ئەمەش وایكردووە كە باسكردنی بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی جووەكان بە شێوەیەكی پچڕ پچڕ بێت و سەردەم لە دوای سەردەم نەبێت، لەگەڵ هەبوونی ئەم گرفتە سەرەكییەدا، دوای بە دواداچوون و گەڕانێكی زۆر بە دوای سەرچاوەكان، تا ڕادەیەكی باش توانرا پێداویستییەكانی توێژینەوەكە ئامادە بكرێن، لەسەر ئەو بنەمایەشدا توێژینەوەكە بە شێوەیەكی تۆكمە و زانستی تەواوكرا.

**سەرچاوەكانی توێژینەوە جۆراوجۆرن،** هەموو ئەو سەرچاوانەی كە بە جۆرێك لە جۆرەكان، مێژووی جووەكان بە گشتی و بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی لیوای ئەربیل بە تایبەتی باسكردووە سوودیان لێوەرگیراوە، لە نێویشیاندا كتێبەكەی نووسەر و توێژەر (Xalil Ali Murad 2005, Defter Tahrir Mufasel Wlaye Erbil 949 H / 1542 M) ئەم كتێبە دەكرێ بە یەكەم سەرچاوەی مێژووی نوێ دابنرێت كە باسی لە پێكهاتەی كەمە ئاینییەكانی ویلایەتی ئەربیل كردبێ، لەبەر ئەوە وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی سوودی لێوەرگیراوە، لە پاڵ ئەویشدا كتێبی: Macmuaa Asatize Camiyaa 2012, Erbil Dirase Tarihiye، كە لە لایەن ژمارەیەك لە نووسەر و مێژوو نووسانەوە ئامادەكراوە، لەم كتێبەدا بە شێوەیەكی قۆناغبەندی باسی لە هەموو سەردەمەكانی مێژووی ئەربیلی كردووە، یەك لە سەردەمەكانیش ماوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە. هەروەها كتێبەكەی ((Bexali) Seyid Mewlud 2005, Hawlerm Wa Diwa U Bistwa)، ئەم كتێبە بە یەكێك لە كتێبە هەرە گرنگەكانی مێژووی ئەربیلە، بە شێوەیەكی سادە و پڕ لە زانیاری باسی لە لایەنەكانی مێژووی ئەربیل كردووە، لەم كتێبەدا بەشێكی تایبەت كراوە بە مێژووی دابونەریتی جووەكانی ئەربیل، هەرچەندە زانیاری كەمی لەسەر جووەكانی سەردەمی عوسمانی تێدایە، بەڵام بەهۆی گەورە تەمەنی نووسەری ناوبراو، نزیكبوونی لە گەورە تەمەندارەكانی ئەربیل و تێكەڵاوبوونی بە پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكانی ئەربیل، سەرچاوەكەی زیاتر بەهادار كردووە، ئەمەش یەكێكبووە لەو هۆكارانەی كە ببێتە سەرچاوەیەكی تایبەتی ئەم توێژینەوەیە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**، ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، سێ تەوەر و چەند دەرئەنجامێك پێکهاتووە، تەوەری یەکەم، بە کورتەیەکی مێژووی باس لە ئاینی جووەکان و سەرەتای هاتنیان بۆ ئەربیل کراوە، هەروەها لە تەوەری دووەم و سێیەمدا پاڵپشت بە سەرچاوەی تایبەت بە مێژووی ئەربیل، هەموو ئەو بابەتانە ڕوونکراونەتەوە کە پەیوەندیان بە لایەنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی جووەکانی ئەربیلەوە هەبووە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو بە دەستهاتوون.

## 1. کورتەیەکی مێژوویی ئاینی و بڵاوبوونەوە و نیشتەجێ بوونی جووەکانی لیوای ئەربیل

### 1. 1. کورتەیەکی مێژوویی ئاینی و شوێنی سەرهەڵدانی ئاینی جووەکان

مێژووی دەرکەوتنی ئاینی جووەکان بۆ پێش ئاینی مەسیحی و ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئەم ئاینە هاوشێوەی ئاینی (مەسیحی و ئیسلام) لە لایەن (خوا)وە، وەك پەیامێکی ئاسمانی نێردراوەتە سەر زەوی، پەیامی ئەم ئاینە لە چوارچێوەی کتێبی (تەوڕات)دا بۆ پێغەمبەر (موسا) هاتۆتە خوارەوە، لە ڕووی مێژوویەوە، ئاینی جووەکان لە دوو ئاینە ئاسمانییەکەی دیکە کۆنترە (Al- Yahudiye Walmasihiye Walislam: Al- Taaruf ; [Http://Ar.Islamfor Christians.Com](Http://Ar.Islamfor Christians.Com) Diyane Yahudiye: ([Https://Mfa.Gov .Il](Https://Mfa.Gov .Il)) (20/ 2 / 2019)، هەر بۆیە جووەکان شانازی بە لە پێشینەی ئاینەکەیان دەکەن و دەڵێن: ***"ئێمە گەلێکی هەڵبژێردراوی خوداین"***، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەشیان لە ڕوانگەی بیروباوەڕی ئاینەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەبارەت بە شێوەی ناوهاتنیان بە چەند جۆرێك باسکراوە، لە سەرچاوەکانی خۆیاندا ناوی (یەهودا)یان بۆ یەکێك لە کوڕەکانی پێغەمبەر (یەعقوب) گەڕاندۆتەوە. (Hassan, 2015, s. 20). بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی کە ئێستا هەیە و لەسەر ناوی جولەکەدا دەگوترێت بە چەند شێوەیەکە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆ نموونە: لە زمانی عەرەبیدا بە شوێنکەوتووانی ئاینەکە دەگوترێ (یەهودی) و لە زمانەکانی عیبرانی، ئینگلیزی و کوردیشدا پێیان دەگوترێت (جوو)، بە پێی سەرچاوە ئاینی و مێژووییەکان شوێنکەوتووانی ئەم ئاینە خاوەنی جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆیان بوونە، لە سەرەتادا شێوەی پابەند بوونیان بە ئاین ڕاڕای و گروپبەندی پێوە دیار بووە، هەر بەم هۆیەوە لە قورئانی پیرۆزیشدا بە چەندین شێوە باس لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی جووەکان دەکات. (لە سوڕەتی بەقەڕە (البقره)ی قورئانی پیرۆزدا، بە چەندین ڕووداوی جۆراوجۆر، باس لە ئاین و بیروباوەڕی جووەکاندا دەکات، لەوبارەیەوە بڕوانە: (سوڕەتی ناوبراو).

جوگرافیا و شوێنی سەرەکی دەرکەوتنی ئەم ئاینە بۆ وڵاتی میسر، فەڵەستینی ئێستا دەگەڕێتەوە، دوای کۆیلە بوونی یوسف پێغەمبەر و بوونی بە عەزیزی میسر، ئاینی جووەکان گەشەیەکی دیاری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام بە نەمانی یوسف پێغەمبەر، نەوەکانیان بوون بە کۆیلەی فیرعەونەکانی میسر و لە بارودۆخێکی سەختدا ژیاون، بەم هۆیەوە جووەکان لە میسر گەڕانەوە فەلەستین، دوای چەند ڕووبەڕوو بوونەوەیەك توانیان بەسەر کەنعانییەکاندا سەربکەون و دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆیان لە فەڵەستین دابمەزرێنن.

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێ لە سەدەکانی پێش زاینیدا جووەکان خاوەنی پێگەو قەوارەیەکی سیاسی و دەسەڵاتی خۆیان بوونە، (شاول) ناوێك دەبێتە یەکەم فەرمانڕەوایی ئەو قەوارە سەربەخۆیەی جووەکان، ئەم قەوارەیەی جووەکان ئەوەندە دەوامی نەبووە، بە هۆی ناکۆك بوونیان لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەتی، هێزو یەکێتی جووەکان بەرەو بێهێزی

چووە و بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوونە، ئەمەش ڕێگا خۆشکردنێك بووە بۆ هێرشی ئاسوورییەکان، بە تایبەتی بەهۆی ئەو دوژمنکارییەی کە لە نێوان ئاسووری و فیرعەونەکانی میسردا هەبووە، جووەکانی فەلەستین بوونەتە لایەنگری فیرعەونەکانی میسر، بەم هۆیەشەوە لە کاتی هێرشی ئاسوورییەکانی عێراق، جووەکانیان بە دیل و کۆیلەیی هێناوەتە عێراق، بەشێکی زۆریشیان بە وڵاتەکانی دیکەی جیهان بڵاوبوونەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Mahmud, s. 6 – 33).

**1. 2. بڵاو بوونەوەی ئاینی جووەکان**

مێژووی بڵاوبوونەوەی جووەکان پەیوەستە بە چەند ڕووداوێکی مێژوویی، ئەوەی تایبەتە بە هەرێمی میزۆپۆتامیا و دۆڵی ڕافیدەین، ئەوە سەرەتایەکەی بۆ چەند سەدەیەکی پێش زاین دەگەڕێتەوە، وەك ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا دەبینرێ، ماوەی هاتنیان سێ سەدەی خایاندووە، بۆیە یەکەم هەرێم و ناوچە کە جووەکانی بۆ گواستراوەتەوە، هەرێمی میزۆپۆتامیا بووە. (Suse, 2001, s. 20).

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێ مێژووی هاتن و نیشتەجێ بوونی جووەکانی ولایەتی ئەربیل لە چوارچێوەی ئەو دیل و کۆیلە بوونەی جووەکانەوە بووبێت کە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە هێنراون، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ مێژووی هاتنی جووەکانی ئەربیلیش بۆ سێ سەدەی پێش زاین دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی ئاشوورییەکان چەند جار و بە چەند قۆناغێك هێرشیان کردۆتە سەر فەلەستین، ژمارەیەکی زۆری جووەکانیان بە دیل و کۆیلەیی گواستۆتەوە عێراق، هەروەها قۆناغی دووەمی هاتنی جووەکان بۆ سەردەمی بابلیەکان و سەدەی شەشەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە قۆناغی سێیەمیشدا بەشێکی دیکەی جووەکان هێنراونەتە عێراق، دوای هاتنیان بۆ عێراق بەشێکی زۆریان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشوری و بابلی نیشتەجێکراون، بە تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بە نەتەوە و دانیشتوانی ناوچەکە بوونە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Al-Rubaayi, 2017, s. 7 – 17) .

لە چوارچێوەی ئەو بڵاوبوونەوە و نیشتەجێ بوونەی جووەکانی میزۆپۆتامیادا، دەکرێ جووەکانی ناوچە کوردنشینەکانیش دیاربکرێن، چونکە بەشێکی ناوچە کوردنشینەکان کەوتونەتە چوارچێوەی سنووری ولایەتی موسڵ، بۆیە ژمارەیەك لە جووە هێنراوەکان لە ناوچە کوردستانییەکان نیشتەجێ بوونە، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری جووەکان بە شێوەی دیلی و کۆیلەیی هێنراونەتە عێراق، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان بە چەند قۆناغێکی جودا جودا و بەهۆی چەند ڕووداوێکی مێژووی، جووەکانی فەلەستین و سوریا، لە ترسی هێرشی کرستیانەکان بەرەو ناوچە کوردنشینییەکان ڕایانکردووە، هەروەها هۆکارێکی دیکەی هاتن و نیشتەجێ بوونی جووەکانی ناوچە کوردنشینیەکان، لە ترسی هێرشی مەغۆلەکان بووە، بە مەبەستی خۆپاراستن و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان لە شارە تەختاییەکاندا نیشتەجێ نەبوونە و پەنایان بۆ ناوچە سەخت و چیا بەرزەکان بردووە، بە پێی گونجاوی باردۆخی ژیانی خۆیان ناوچەکانیان هەڵبژاردووە و خۆیان لە مەترسی و گۆڕانکاریی شارەکاندا پاراستووە.

ئەم بابەتە لە گەشتی جوولەکەیەکی بە ڕەگەز یەمەنیدا تۆمارکراوە، لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا (یەحیا ئەلزاهیری) (زۆر بە دوای کتێب و گەشتنامەی ئەم گەڕیدەیەدا گەڕام، بەڵام هیچ شتێکم لەبارەیەوە دەست نەکەوت. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە گەڕیدەکە ئاماژەی بۆ کردووە، پێدەچێ زانیاری نوێ و نەبیستراو لە گەشتنامەکەیداهاتبێت، بە تایبەت

لەسەر مێژووی شاری ئەربیل) ، بە ناوچەکانی (هەولێر، کەرکوک، موسڵ، نوسەیبین و ئورفە و چەند گەورە شارێکی دیکەدا گەڕاوە، هەموو ئەو ڕووداوە گرنگ و نوێیانەی نووسیوە کە لە سەدەی ناوبراودا ڕوویانداوە، بە تایبەتی لەسەر ئەو جووانەی کە لە ناوچە کوردستانییەکاندا ژیاون ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:Medyalı, 1992, S. 51 – 56).

سەبارەت بە نیشتەجێبوونی جووەکانی دەوڵەتی عوسمانی، دەکرێ بەسەر دوو گرووپدا پۆلێنیان بکەین، بەشێکیان ئەو جووانە بوونە کە بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا ژیاون، دوای فراوانبوونی دەسەڵاتی عوسمانی کەوتونەتە چوارچێوەی سنووری دەوڵەت، گرووپی دووەمیشیان بۆ دوای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێنەوە، دوای کۆنترۆڵکردنی شاری قوستەنتین (1453)، ململانێی ئاینی نێوان جووەکان و کرستیانەکانی ئەورووپا بەرەو هەڵکشان چووە، ئەمەش وایکردووە ڕێژەیەکی زۆری جووەکانی ئەورووپا بێنە ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی، گەورەترین لێشاوی کۆچی جووەکانی ئەورووپا بۆ کۆتایی ساڵەکانی سەدەی پازدەهەم دەگەڕێتەوە، لە (31 ئاداری 1492)دا، (ئیزابێلای یەکەم) و (فردنیاندی دووەم) بە مەبەستی چاکسازیکردنی ئاینی کرستیانەکان، ڕێ و شوێنێکی توندیان گرتوتەبەر، یەکێك لەو بڕیارانەی کە دەریانکردووە تایبەت بووە بە جووەکانی ئیسپانیا، بڕیارەکە مۆڵەتی چوار مانگی بە جووەکان دابوو کە لەو ماوەیەدا ئیسپانیا بەجێ بهێڵن، بەشێکی بڕیارەکە ئەوەبووە، نابێ هیچ زێڕ و زیو و کانزای گرانبەها لەگەڵ خۆیاندا ببەن، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری جووەکانی ئیسپانیا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا ڕوو لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن، ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارە لەلایەن جووەکانی ئیسپانیاوە بە ڕۆژی ماتەم ناودێر کراوە ( DEMİREL, 31 Mart 1492 Yahudi Sürgünü, http://www.avlaremoz.com ) (2019 / 3 /25).

بەم شێوەیە لە دوای گرتن و کۆنترۆڵکردنی ولایەتەکانی عێراق (1534)، جووەکانی ڕۆژئاوا و ولایەتەکانی عێراق بوونەتە بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی و تێکەڵ بە نەتەوە جیاوازەکانی دیکەی دەوڵەت بوونە، بەم هۆیەوە دەرگای ولایەتەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی لە بەردەم سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی واڵا بوو، ئەمەش کار ئاسانی و ڕێگا خۆشکردنێك بووە لە بەردەم پێکهاتەی جووەکان کە بە ئارەزووی گونجاوی باروودۆخی ژیانیان ناوچەکان هەڵبژێرن، بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێت جووەکان بەسەر چەندین ولایەتەکانی عوسمانی دابەشبوونە، زۆرینەی هەرە زۆریان لە ناوچەی (سەلانیك) نیشتەجێ بوونە، هەر بەم هۆیەشەوە شوێنی نیشتەجێبوونی نیوەی هەموو جووەکانی جیهان لە ناوچەی سەلانیك بووە ( Ekinci, Osmanli Ülkesinde Yahudiler, Https://Www. TurkiyeGazetesi.Com.Tr) (2019 / 2 / 26).

**1. 3. هاتن و نیشتەجێبوونی جووەکان لە لیوای هەولێر**

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ هاتن و نیشتەجێ بوونی جووەکانی لیوای ئەربیل بۆ سەدەکانی پێش زاین بگەڕێنینەوە، لەو بارەیەوە باس لەوە دەکرێت کە چەند ماڵە جوویێك لەسەردەمی (نەبوخز نەسری دووەم 604 – 562 پێش زایین)، پاشای بابلی هاتوونەتە ناوچەکانی دەوروبەری ئەربیل و ژمارەیەکیشیان لە قەڵای ئەربیل نیشتەجێ بوونە (Bexali, 2005, s. 354 ; Al- Çawşli, 1985, s. 48 ; Abdullah, 2001, s. 59 – 60)). هەرچەندە ئەوە یەکلا بۆتەوە کە هاتنی جووەکان بۆ پێش سەدەکانی زاینی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرچاوەیەکی تایبەت بە شێوەی ژیانی جووەکانی لیوای ئەربیل لەبەر دەست نییە، بۆیە دەبێ سەرنجی زیاتر بخەینە سەرچاوەکانی مێژووی نوێ و

سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی. دەسەڵات و حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر عێراق بۆ ساڵی (1534) دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی تەواوی ناوچەکانی عێراق، سەردەم و قۆناغێکی نوێ لە ولایەتەکانی عێراق دەست پێدەکات، بەراورد بە زیانی ئەو شەڕانەی کە لە ناوچەکەدا کراون، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەمە ئاینی جووەکان، زیانێکی ئەوتۆیان پێنەگەیشتووە کە شیاوی باسکردن بێت، لەو نێوەندەشدا ولایەتی ئەربیل، لەم ولایەتەدا هیچ ڕووداو و زیانێکی تایبەت بە جووەکان لە سەرچاوەکاندا تۆکار نەکراوە، هەر ئەمەش وایکردووە لە زووەوە تێکەڵ بە دەسەڵات و حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی ببن و چالاکییەکانیان لە ئاستێکی فراوان ئەنجام بدەن، بە تایبەتی چالاکییە ئابوورییەکانیان بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە سەرجەم ولایەتەکانی عێراقدا ئەنجامداوە، هەر ئەمەش وایکردووە لە خۆشگوزەرانییەکی باشدا بژین، ئەم شێوە ژیانەی جووەکان کاریگەری کردۆتە سەر ڕێژەی جووەکان، ژمارەی جووەکان لە ئاستێکی جیاواز لە کرستیانەکانی عێراق زیاتر کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Kuriye, 2013, s. 9 – 12).

هەر چۆنێك بێت دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سوڵتان سلێمانی قانونی (1520 – 1566)، بە مەبەستی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ناوچە گیراوەکان، لەسەرەتای دەیەی چوارەمی هەمان سەدەدا سوڵتان دەچێتە تەبرێز، لەم گەشتەیدا بە هۆی سەختی وەرزی زستان و سەرماوسۆڵ، بۆ ماوەی سێ مانگ و نیو لە تەبریز ماوەتەوە، دواتر بە ماوەی 27 ڕۆژ دەگاتە بەغداد، لە کۆتایی ساڵی (1534)دا بەبێ هیچ بەرگریەك دەست بەسەر شاری بەغداد دادەگرێت، دوای گرتنی بەغدا سوڵتان سلێمان بۆ ماوەی چوار مانگ دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا کاری ڕێکخستنی زەوی و زارەکان جێبەجێ کردووە (Uzunçarşı, s. 353 – 354).

## 2. بارودۆخی کۆمەڵایەتی جووەکانی ویلایەتی ئەربیل

دوای هاتنی دەسەڵاتی عوسمانی و کۆنترۆڵکردنی زەوییەکانی هەرێمی میزۆپۆتامیا، یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی ڕێکخستن و دابەشکردنی پایە کارگێڕییەکانی عێراق بووە، ولایەتی ئەربیلیش لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخستنانە دابووە، بەم شێوەیە ساڵی (1542)، تەواوی گۆڕانکاری و ڕێکخستنە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی دەفتەرێکدا کۆکراوەتەوە و تۆمارکراوە، ئەم دەفتەرنامەیە چەندین وردەکاری تێدا هاتووە، بەشێك لەو زانیاریانە تایبەتە بە کەمە ئاینی جووەکان، بە پێی ئەو دەفتەرنامەیە جووەکان بەسەر چەند گەڕەك و گروپێکی ولایەتی ئەربیلدا دابەشبوونە، پێکهاتەی ئەو کاتەی ولایەتی ئەربیل لە چەند گەڕەکێکی ناو شار و دەوروبەر پێکهاتووە، گەڕەکەکانی ناو شار کەوتونەتە سەر قەڵات، دوای فراوانبوونی قەڵا و بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی قەڵا، ژمارەیەکی دانیشتوانی قەڵا هاتوونەتە خوارەوە و چەند گەڕەکێکی نوێیان لە خوارەوەی قەڵا دروستکردووە، گەڕەکەکانی سەر قەڵا لە (سەرای، تۆپخانە و تەکیە) پێکهاتبوون (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Macmuaa Asatize Al-Camiyaa, s. 127 – 128) .

سەبارەت بە ژمارە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جووەکانی ویلایەتی هەولێر سەرژمێرییەکی ورد و تایبەت بە ویلایەتەکە لە بەردەستدا نیە، ئەو زانیارییانەی کە لەو بارەیەوە هەیە تەنها لێکدانەوە و مەزندەکردنی ژمارەی دانیشتوانە، لەو بارەیەوە چەند بۆچوون و لێکدانەوەیەك بۆ ژمارەی جووەکانی هەولێر کراوە، مێژوو نووسی ناودار (مراد)، پاڵپشت بە بۆچوونی چەند توێژەرێك باس لە ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات، لەسەر ژمارەی ئەندامانی خێزان ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانییان دیاریکردووە، ژمارەی هەر خێزانێکیان بە (پێنج) کەس خەملاندووە، لەو ڕوانگەیەوە توێژەر و مێژوو نووسی ناوبراو، ژمارەی کەمە ئاینییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دیاریکردووە، لەو ژمارەیەدا ڕێژەی جووەکانی ویلایەتی ئەربیلی بە (3,802 %) و (1167) جوو دیاریکردووە (Murad, 2005, s. 206) .

دوای گەڕانەوە و وردبینی کردنی دەفتەرنامەی عوسمانی، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە ناوی جووەکانی تێدا هاتووە (İlhan, 1994 – 1995, S.103 ؛ Murad, 2005, s. 139 wa 189)، ژمارەی جووەکان نیوەی کەمتری ئەو ژمارەیە، لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێ سەرژمێری هەموو ناوچەکانی ویلایەتی ئەربیل نەکرابێ و تەنها ژمارەی جووەکانی ناوەندی ویلایەتی ناوبراو ئەژمار کرابێ، بۆیە مێژوو نووسی ناوبراو لە بۆچوون و خەملاندنی ژمارەی جووەکانی ئەربیل پاڵپشت بە سەرچاوەکانی ئەو باسە، ورد بووە و بە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی مێژوویی پێکاویەتی. هەر ئەم سەرچاوەیە باس لەوە دەکات کە جووەکان تەنها سەرنجیان لە ناو شاری ئەربیل بووە و هاوشێوەی کرستیانەکان لە دەرەوەی شاری ئەربیل نیشتەجێ نەبوونە (Murad, 2005, s. 206).

ئەم بۆچوونە دەکرێ بۆ هەندێ قۆناغ و سەردەمی لیوای ئەربیل و تەواوی ولایەتەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی بابەتیانە بێت، بەڵام ناکرێ بۆ هەموو سەردەمەکان بە هەمان ڕوانگە و بۆچوون تەماشای نیشتەجێبوونی جووەکانی ئەربیل بکرێت، چونکە شێوەی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان پەیوەست بووە بە هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و دەسەڵاتداری وڵاتانەوە، بە پێی ڕووداو و کارەساتە مرۆییەکان ناوچەکان ئاوەدانکراونەتەوە، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ جووەکانی ویلایەتی ئەربیل بۆ ئەو کاتە سەرنجی زیاتریان لەسەر ناوەندی شاری ویلایەتی ئەربیل بووبێت نەوەکو دەوروبەری. ژمارەی دانیشتوانی لیوای ئەربیل لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازی بەسەر داهاتووە، بە پێی مەزندەی چەند گەڕیدە و ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە دەست نووسەرێك کەوتووە، ڕێژەی دانیشتوانی ئەربیلی لە ماوەی چەند ساڵێکی جیاوازدا بەم شێوەیەی خوارەوە خەملاندووە:

| ڕێژەی دانیشتوان | ئاین | ساڵ | ناوی گەڕیدە |
|---|---|---|---|
| 2000 | / | 1795 | ئۆلیڤەی فەڕەنسی |
| 5000 | / | 1816 | جیمس بکنغهام ئینگلیزی |
| 3260 | موسڵمان | 1892 | ساڵنامەکانی موسڵ |
| 479 | نا موسڵمان | = | = |

هەر لەو بارەیەوە بە پێی ساڵنامەی (1912)ی ولایەتی موسڵ، ژمارەی دانیشتوانی سەنجەق و قەزاکانی دەرەوەی ولایەتی ئەربیلی لەسەر بنەمای ئاین دیارکردووە، ئەو ژمارەیەی کە ساڵنامەکەدا هاتووە، بەشێکە لە ژمارەی دانیشتوانی ولایەتەکە، ئەو ژمارەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە:

- موسڵمانەکان: 12579
- کرستیان: 620
- جووەکان: 1056

پاڵپشت بەم تۆمارانەی کە لەسەرەوەدا نووسراون و هەروەها بە پێی دەفتەرنامەیەکی جزیەی دەوڵەتی عوسمانی، ژمارەی ئەو جووانەی کە لە سەنجەق و قەزاکانی دەرەوەی لیوای ئەربیل جزیەیان لێوەرگیراوە (323) کەس بووە، لێرەدا ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە، تەنها ناوی ئەو کەسانە لە دەفتەرنامەکەدا هاتووە کە جزیەیان لێوەرگیراوە و ناوی

منداڵ و ژنەکان لە دەفتەرنامەکەدا نەهاتووە (OSMANLI ARŞİV DAİRE BAŞKANLIĞI, KAMİL KEPECİ, KK.D 03906)، لەبەر ئەوە دەکرێ چەند ژمارەیەکی دیکە بخەینە سەر ئەو جووانەی کە لە دەفتەرنامەکەدا هاتووە، بەم شێوەیە ڕێژەی جووەکانی دەرەوەی لیوای ئەربیل بە (500) کەسێك دیاربکەین، لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ ڕێژە و ژمارەی جووەکانی ناوەندەی لیوای ئەربیل بە (500 هەتا 550) جوو مەزەندە بکرێن، چونکە بە پێی مەزەندەیەکی دیکەی ساڵی (1916)، ژمارەی دانیشتوانی شاری ئەربیل (10000) هەزار کەس بووە، لەو ژمارەیەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە (4000 هەتا 4500) کەس لە ناوەندی شار و قەڵای ئەربیلدا ژیاون (Macmuaa Asatize Al-Camiyaa, s. 127 ; Musul Salnamesi, 1330 h, s. 331) لەو ژمارەیەشدا (500 هەتا 550) جوو لە ناوەندی شاری لیوای ئەربیلدا ژیاون. بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی ناوەندی لیوای ئەربیل بۆ ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) دەگەڕێتەوە، لە ترسی هاتن و هێرشی ڕووسەکان لە بەرەی باکووری لیوایەکە، ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی باڵەکایەتی و ڕواندز بۆ ناوەندی لیوای ئەربیل کۆچیان کردووە، بەم هۆیەوە ڕێژەی دانیشتوانی لیوای ئەربیل بەرزبۆتەوە (Pirbal, 2008, s. 63).

سەبارەت بە گەڕەکی جووەکانی ویلایەتی ئەربیل، سەرچاوە و زانیاری کەمیان لەسەر هەیە، لەبەر ئەوە چەند بۆچوون و ڕایەکی جیاواز لە نێوان نووسەر و توێژەران دروستبووە، بە هۆی ئەوەی قەڵای ئەربیل بە یەکێك لە کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهان دادەنرێت، بە بەردەوامی ئاوەدانی لێنەبڕاوە و وەك ناوەندێکی بازرگانی و سیاسی لە فراوانبوون دابووە، بۆیە دوای بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی قەڵا خەڵکەکەی وردە وردە هاتونەتە خوارەوەی قەڵا و لە دەوروبەری قەڵا نیشتەجێ بوونە و گەڕەکی تازەیان دروستکردووە، لە کۆنترین گەڕەکە کۆنەکانی ویلایەتی ئەربیل گەڕەکی خانەقا و تەعجیل بووە، مێژووی دروستبوونی گەڕەکی تەعجیل دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی عوسمانییەکان، دوای دروستبوونی، گەڕەکەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشبووە و بە تەعجیلی موسڵمانەکان و تەعجیلی جووەکان ناوی هاتووە، هەر لەو بارەیەوە باس لەوە دەکرێت کە جووەکان لە دوا ساڵەکانی عوسمانی هاتوونەتە گەڕەکی تەعجیل (Hassan, 2009, s. 2665)، بەڵام ئەم بۆچوونە جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە و ناکرێ بە دروست دابنرێت، چونکە لە دەفتەرنامەیەکی زۆر کۆنتری ویلایەتی ئەربیل ئاماژە بە ناوی گەڕەکێکی جووەکان دەکات (Murad, 2005, s. 136 - 137 ؛ İlhan , S.101).

لەبەر ئەوە دەکرێ جووەکانی ناو قەڵا هاتبنە خوارەوە و لە گەڕەکی تەعجیل نیشتەجێ بووبن، ئەم زانیارییە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە جووەکان لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانی عوسمانی هاتبنە گەڕەکەکە، لەبەر ئەوە دەکرێ مێژووی هاتنی جووەکانی گەڕەکی تەعجیل بۆ سەرەتای دروستبوونی گەڕەکەکە بگەڕێتەوە، ئەوجا ڕێژەیان کەم بووبێ یاخود زۆر، دەکرێ جووەکان هۆکارێك بووبن لە دروستکردنی ئەم گەڕەکەی ناوبراو. لایەنێکی دیکەی تایبەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی جووەکانی ولایەتی ئەربیل، هەبوون و دابەشبوونی دانیشتوانەکەیەتی بەسەر چەند کۆمەڵە و گروپێکدا، لە (دفتر تحریر مفصل واجمال ولایە اربیل)دا، چەندین کۆمەڵەی تۆمار کراون، یەکێك لەوانە، گروپ یاخود کۆمەڵەی موسا کەتخودا (جماعە موسی کتخودا) بووە، لەم کۆمەڵەیەدا ناوی چەندین کەس هاتووە (Murad, 2005, s. 100)، ناوەکانی ئەم گروپە جگە لە هەبوونی ناوی (موسا) هیچ وێکچوون و نیشانەیەکی ناوی جووەکانیان لێبەدی ناکرێ و کەم و زۆر هیچ جۆرە نزیکایەتێکیان لە نێواندا نیە (ناوی جووەکان جۆرە خاسیەت و تایبەتمەندیێکی خۆیان هەیە، لە کاتی ناوهاتنی جووەکان و خوێندنەوەیان ڕاستەوخۆ هەست بە نزیکایەتی و دەرکەوتنی ناوەکانیان دەکەی، بۆیە ئەم کۆمەڵەیەی (موسا

کەتخودا) ئەوجۆرە هەستکرنەت لەلا دروست نابێت. (بۆ بەراوردکردنی ناوەکانی نێوان دوو دەفتەرنامەی تایبەت بە جووەکان، بڕوانە: Ababakr, 2017, s. 128 – 130)، لەبەر ئەوە پێناچێت کۆمەڵەی ناوبراو پەیوەندی بە جووەکانی ویلایەتی ئەربیلەوە هەبێت، ئەگەر کۆمەڵە و گروپێکی ئاوا هەبوایە ئەوا زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی، باسی لە جووەکان دەکرد، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بگوترێ ناوهاتنی (موسا کەتخودا)، وەك کەسایەتی و دانیشتوویەکی ولایەتی ئەربیل ناوی تۆمار کراوە و هیچ پەیوەندی بە جووەکانەوە نەبووە.

سەبارەت بە شێوەی ژیان و کاروباری ڕۆژانەی جووەکان، وەك لە پێشەوە باسی لێوەکرا، سەرچاوەیەکی تایبەت بە شێوەی ژیانیان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەبەر دەستدا نیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان درێژبووەوەی وەچەکانن، بۆیە دەکرێ زانیاری نێو ئەو سەرچاوانە بە هەند وەربگرین کە باس شێوەی ژیانی جووەکانی دوای دەسەڵاتی عوسمانییەکانی کردووە، لە بابەت شێوەی ژیانی جووەکاندا باس لەوە دەکەن کە جووەکان وەك کەمە ئاینییەکی لیوای ئەربیل شێوە ژیانێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بە ئازادی و بێ هیچ مەترسییەك، هەموو ئەو سرووتە ئاینی و کۆمەڵایەتییانەیان جێبەجێکردووە کە لە نێوانیاندا باوبووە، ئەو شێوە ژیانە کۆمەڵایەتییە، پێکهاتەی جووەکانی لە موسڵمانەکان جیاکردۆتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Al- Aasafi, 2012, s. 37 – 38 ; Bexali, s. 356 – 366). لە چوارچێوەی ئەم ژیانە کۆمەڵاتییەدا، جووەکان تێکەڵاوی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بوونە و خۆیان فێری زمان و کلتوری نەتەوە جیاوازەکان کردووە، لە پاڵ زمانی خۆیاندا، هەموویان فێری زمانی ناوچەکە بوونە و بە زمانی کوردی قسەیان کردووە (Zakn, 2011, s. 29 ؛ Medyalı, 1992, S. 54)، ئەم تێکەڵاو بوونە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵسوکەوت و کاروباری ڕۆژانەیان هەبووە، فەرهەنگ و کلتووری ناوچەکەیان وەرگرتووە، لە هەمان کاتیشدا ئاین و داب و نەریتی خۆیان لە بیر نەکردووە و بۆ ماوەی چەندین سەدە پارێزگارییان لێکردووە و خۆیان لە هەموو مەترسییەکی لە ناوچوون پاراستووە.

**3. پێکهاتەی ژیان و بارودۆخی ئابووری جووەکانی ویلایەتی ئەربیل**

شێوەی ژیان و پێکهاتەی ئابووری جووەکانی ئەربیل هاوشێوەی ولایەتەکانی دیکەی عوسمانی بووە (بڕوانە: Güler, 2003, S. 181 – 211) ، بە هۆی ئەوەی بژێوی ژیانی جووەکان بەند بووە بە کاری دەستی و پیشەوەرییەوە، بۆیە هەر زوو کارە دەستی و پیشەییەکانیان لە نێو کورد و لیوای ئەربیل بڵاوبوونەتەوە (Al-Aazawi, 2001, s 111).

بە شێوەیەکی گشتی هیچ سەرچاوەیەکی تایبەت بە بارودۆخی ئابووری جووەکانی لیوای ئەربیل لەبەر دەستدا نییە، لەبەر ئەوە ناکرێ بە وردەکارییەوە سەرچاوەی سەرەکی داهات و ئابووری جووەکان دیاری بکرێت، بەڵام بە هۆی ئەو سیما و بارودۆخە تایبەتییەی کە لە پێکهاتەی ژیانی جووەکاندا هەبووە، دەکرێ هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ بارودۆخی ئابووری جووەکانی ویلایەتی ئەربیل بکەین. هەرچۆنێ بێت جووەکان جۆرە سیما و تایبەتمەندییەکی ژیانی ئابووری و بارگوزەرانی خۆیان هەبووە، بە هۆی ئەوەی پیشەی سەرەکی زۆربەی جووەکان پیشەی دەستی و بازرگانی بووە، بۆیە بە گوێرەی هەبوونی کار و بەرژەوەندی ژیانی خۆیان لە ناوچەکانی ویلایەتی ئەربیل نیشتەجێ بوونە، کاروپیشەی سەرەکیشیان زیاتر وردەواڵە فرۆشی و کاری دەستی جۆلایی و چەند پیشەیەکی دیکەی بازرگانی ڕۆژانەی وەك قەسابی و زێڕینگری بووە (Rasul, 2005, S 27 ; Smail, 2004, S 201). ئەم کار و پیشانە باروگوزەرانی جووەکانی بە

ئاستێکی زۆر جیاواز لە دانیشتوانەکانی لیوای ئەربیل جودا کردۆتەوە، هەر بۆیە بە بەراوردکردن لەگەڵ موسڵمانانی لیواکە جووەکان بە دەوڵەمەندی دەرکەوتون، یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکردووە بە دەوڵەمەندی دەربکەون، مامەڵە کردن بووە بە کاری بازرگانی "**سووخۆری**"، لە مامەڵە بازرگانییەکانیاندا بایەخێکی زۆریان بە کاری سوو وەرگرتن داوە، هەتا لە پێدانی پارەی قەرزیشدا سوویان وەرگرتووە، ئەمەش یەکێکبووە لە سیما دیارەکانی کاری بازرگانی جووەکان (Sleman, s 39) . بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێ ژیان و بارودۆخی ئابووری جووەکان لەسەر بنەمای کاری پیشەوەری، زێرینگری و مامەڵەی بازرگانی بووە، هەر بۆیە بە پێکهاتەیەکی دەوڵەمەند ناودێر کراون.

## ئەنجامەکان:

- مێژووی هاتنی جووەکانی ویلایەتی ئەربیل بۆ چەند سەدەیەك پێش ساڵی زاینی دەگەڕێتەوە، دوای هاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، تەواوی جووەکان چوونەتە ژێر کۆنترۆڵ و لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا ژیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان پاراستووە.
- ناو هاتنی جووەکانی ولایەتی ئەربیل بۆ دەفتەرنامەیەکی ساڵی (1542)ی تۆماری دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە دەکرێ بە یەکەم تۆمارنامەی جووەکانی ولایەتی ئەربیل ئەژمار بکرێت.
- پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری جووەکانی ئەربیل، کەم و زۆر هاوشێوەی جووەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی ژیاون، بارودۆخ و بژێوی ژیانی جووەکانی ئەربیل لە ئاستێکی باش دابووە.
- جووەکانی لیوای ئەربیل، بە لە بەرچاوگرتنی زمان و کلتوری تایبەتی خۆیان، پارێزگارییان لە مانەوەی کەمایەتی خۆیان کردووە، لە پاڵ ئەوەشدا فێری زمان و کلتوری لیوای ناوبراو بوونە و لە مامەڵەی ڕۆژانەیاندا کاروبارەکانیان ڕاپەڕاندووە.
- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێکی زۆری جووەکان لە ناوەندی ویلایەتی ئەربیل نیشتەجێ بوونە، شوێنی مانەوەیان بە ناوی جووەکان ناونراوە، دوای زیادبوونی ڕێژە و ژمارەی دانیشتوانی قەڵای ئەربیل ڕۆڵێکی دیارییان لە دروستکردنی گەڕەکە تازەکانی لیوای ئەربیل دا هەبووە، یەکێك لەو گەڕەکانەش گەڕەکی تەعجیل بووە.
- لە ڕووی ئابوورییەوە ژیانی جووەکانی ئەربیل لە ئاستێکی باڵا دابووە، بەهۆی ئەوەی کاری سەرکی جووەکانی ئەربیل لەسەر کاری دەستی پیشەوەری، زێرینگری و مامەڵە بازرگانییەکان بووە، بۆیە بە پێکهاتەیەکی دەوڵەمەند دەرکەوتوون و بە ئاستێکی زۆر جیاواز لە دانیشتوانەکانی لیوای ئەربیل جودا بوونەتەوە، یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەش مامەڵە کردن بووە بە کاری "سووخۆری".

## SARÇAWAKN

### Yekam: Belgename u Salnamakan


**a.** Osmanli Arşiv Daire Başkanlığı, Kamil Kepeci (Cizye Muhasebe Kalami), Kk.D 03906.

**b.** Musul Salnamesi (1330)


### - Dwam: Ktebakan

### A. Ba Zmani Kurdi


Ababakr, Fahir Aali, (2017). Rewandz La Nusrawakani Dawleti Osmanide (1851 – 1918), La Ktebi Prosidingi Yekemin Konfrasi Newdawleti (Rewadnduz Pegayeki Jiyari Ba Dawletbun La Mejuy Kürd'da), Çapi Yekem, Çapxanay Şahab, Hawler.

Bexali, Seyid Mewlud, (2005). Hawlerm Wa Diwa U Bistwa, Çapxaney Wazarety Perwarde, Bergi Seyem.

Hassan, Dana Osman, (2015). Culeke Akıde U Şariat U Mejuyan, Çapi Seyem, Slemani.

Kuriye, Yakup Yusuf , (2003). Culakakani Iraq, Wargerani: Şarmin Abdulla Rwandzi, Çapxanay Roşnbiry, Hawler.

Mahmmud, Şerzad Omar, Paywandi Kürd U Cww (Paywandi Newan Kürdistan U İsrail), Çapi Seyem.

Pirbal, Ferhad, (2008). Kronolojyai Hawler Le Konewe Ta Amro 1958, Çapxaney Şehab, Hawler.

Smail, Abbas Sleman, (2004). Mejuy Deşti Hawler, La Blawkrawakany Saadullah Şexani, Hawler, Bergi Yekem.


### B. Ba Zmani Arabi


Al- Aasafi, Halil Sleman, (2012). Lamahat İctimaiye Aan Tarih Erbil, Tabaa Aula, Makteb Tafsir Lilmeşir Walilan, Erbil.

Al-Azawi, Abbas, (2001). Erbil Fi Muhtelif Ausur Alliwa Welmedine, Al-Tabaa Aula, Matbaa Elhansa, Bağdad.

Al-Çawşli, Hadi Raşid, (1985). Turass Erbil Al-Tarihi, Amane Aame Liidare Alsakafa

Al-Rubaayi, Nabil, (2017). Tarih Yehud Al-Irak (859 K. M – 1973 M)\ Al-Tabaa Aula, Darulfurat, Lubnan.

Macmuaa Asatize Camiyaa (2012). Erbil Dirase Tarihiye, Tabaa Aula, Matbaa Aras, Erbil.

Murad, Xalil Ali, (2005). Defter Tahrir Mufasel Wlaye Erbil 949 H / 1542 M, Matbaa Haci Haşim, Erbil.

Rasul, İsmail Şükür, (2005). Dirase Tarihiye Fi Dawrha Al-Fikiri Walsiysi 1939 – 1958, Matbaa Binayi, Slemaniye.

Suse, Ahmad, (2001). Malamh Min Tarih Al-Kadim Litarih Yahud, Muasasa Al-Arabiye Lildirasat Walnaşir, Beyrut.

Zakn, Merdhay, (2011). Yahud Kürdistan Wa Ruasauhum Al-Kabaliyun, Tarcüme: Suaad Muhammed Hzr, Matbaa Şivan, Slemaniye.

## c. Be Zmani Türki:

Güler, Ali, (2003). Osmanlıdan Cumhuriyete Azınlıklar, Birinci Baskı, Poyraz Ofset, Ankara.

Uzunçarşı, İsmail Hakkı Uzunçarşı, (2016). Osmanlı Tarihi, İstanbulun Fetihinden Kanuni Sultan Süleymanın Ölümüne Kadar, Yedinci Baskı, İkinci Cilt.

Medyalı,A., (1992). Kürdistanlı Yahudiler, Birinci Baskı, Berhem Yayınları, Ankara.

## Seyem: Govarekan

## a. Ba Zmani Kurdi

Abdulla, Hoşiyar, (2011). Culekakan' Nawchay Dzeyiayeti Daşti Hawler, Govari Hawler, Jmare (13)

## b. Ba Zmani Turki

İlhan, Mahdi (1994 – 1995). Erbil Vilayeti Mufassal Ve Mücemel Tahrir Defteri, (H 949 / M 1542), Türk Tarih Belgeleri Dergisi, Adet (20).

## Çarem: Pegay Eliktroni

Al- Taaruf Diyane Yahudiye: https://mfa.gov.Il

Al- Yahudiye Walmasihiye Walislam: http://ar.islamforChristians.com

Demirel, Işıl, 31 Mart 1492 Yahudi Sürgünü, http://www.avlaremoz.com

Ekinci, Ekrem Buğra, Osmanli Ülkesinde Yahudiler, https://www.turkiyegazetesi.com.tr

**Pencem: Insiklopediye**

Hassan, Mawlud İbrahim, (2009). Garakakani Şari Hawler, İnsiklopediyay Hawler, Çapi Yekem, Çapxaneyi Grin Galory, Lubnan, Bargi Şeşem.